# جولەکەش بەتەمای بەهەشتن !



[هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند]()

زۆر جار کە دەچمە لای شلۆمۆی هاورێم ، لە یەکێک لە رێستورانتەکانی کورەکەیدا لە ئەمستەردام دەیدۆزمەوە ، ئەو زۆرتر بە دەستی ناخاوێن و بە بەرهەڵبێنەیەکی درێژەوە دێتە پێشوازیم و دەڵێت : سەیرکە ، هێشتاش گەنجم و ئیشم لەدەستدێن .. منیش پێدەکەنم و دەڵێم : تۆ دڵت گەنجە شلۆمۆ ..

لێی دەپرسم : تۆ کە موحتاجی پارە نیت و هەموو شتێکت هەیە ، بۆ ئیشدەکەی ؟ ، دەڵێ : ئاخر جولەکەم و پولم زۆرخۆشدەوێ ! ، دەزانم گاڵتەدەکات ، بۆیەش دەپرسمەوە : باشە جولەکە بۆ هێندە پوڵیان خۆشدەوێ ؟ ، بە گومانەوە تێمدەڕوانێ و دەڵێت : میللەتێک هەموو دنیا دوژمنی بێ ، تەنها پارە دەتوانێ دۆستایەتیی بکات !.

*　　　　*　　　　*

شلۆمۆ ، حیکایەتی بێ سەرپەنایی جولەکەکانی دنیاییم بۆ دەگێرێتەوە ، لێمدەپرسێ : هیچت دەربارەی هۆلۆکۆست بیستووە ؟ ، دەڵێم : ئەرێ .. دەشزانم کە هۆلۆکۆستتان کردۆتە قەڵغانێک و پاساوی ئیشە هەڵەکانیشتانی پێدەدەنەوە . تۆزێک بێدەنگدەبێ و دەڵێت : وەک ئەوەی ئێوە بە هەڵەبجە دەیکەن ؟ ، زوو جوابیدەدەمەوە و دەڵێم : ئێمە دوعادەکەین هەڵەمان دەرهەق نەکرێ ، بۆ خۆمان هەڵەمان لە کوێبوون تا قەڵغانی بۆ چاککەین؟ ! .

*　　　　*　　　　*

جیاوازیی تەمەن دەنێوان من و شلۆمۆ دا زۆرە ، بەڵام هاورێیەتییەکەمان ئەو جیاوازییەی نەهێشتووە ، ئاخر ئەو دەڵێت : وێنەکانی گەنجێتیی خۆم لە تۆدا دەبینم ، ئەزیش وەبیری دێنمەوە کە هێندەی هەموو دنیا پێویستم بە تەجرەبە جوانەکانیەتی و دەمەوێ لێیەوە فێری چۆن ژیان و چۆن بیرکردنەوە بم .. پێیدەڵێم : باشە ئیسرائیلتان چۆن دروست کرد ؟ ، دەزانێ

پرسیارێکی زۆر شمولیم کردووە ، بۆیەش شمولییانە جوابم دەداتەوە و دەڵێ : بە ئەقڵ ! ، دەڵێم : ئەوەیان دەزانم ، بەڵام چۆنتان توانی دەوڵەتێک لە نەبوو قیت بکەنەوە ؟ ، نێوچەوانی گرژدەکا و دەڵێت : بە سێ شت : یەکەمیان : زیرەکی ، دووەمیان : پارە ، سێیەمینیش : پشوودرێژی ..

* * *

ئەو هاورێ پیرەم رقێکی زۆری لە پیاوە ئایینییە دەمارگیرەکانی وڵاتەکەیەتی ، بە بڕوای وی ، ئەوانە ئەو تەمبەڵانەن کە بە هۆی بێکارییەوە گیرۆدەی ئایینداری بوون ! ، زۆریش نارەحەتە لەوەی کە یەکێک لە کوڕەکانی دەگەڵیانە ، بەڵام هەمیشە دەڵێت : هەرچەندە حەزناکەم دەگەڵ پیاوە تەمبەڵەکانی جڤاکدا بیبینم ! ، بەڵام ئیجازەی ئەوەیدەدەمێ کە خۆی باوەڕداریێتیی خۆی هەڵبژێرێ ..

* * *

لە شلۆمۆ دەپرسم : باشە ئێوەش وەک موسوڵمانان بە تەمای بەهەشتن ؟ ، زۆر باوەڕبەخۆیانە جوابم دەداتەوە و دەڵێت : بەڵێ .. بەڵام بەهەشتی ئێمە لێرەیە ، نەک لە دنیای دیکە ! ، دەڵێم : ئاخر ئەوەی دەگەڵ فەلەستینییان دەیکەن ، دۆزەخسازییە ! ، دەڵێت : راستدەکەی ، بەڵام ئەوە رێخۆشکردنە بۆ چێکردنی بەهەشت بە مۆدێلی ئیسرائیلی ! ، دیسان دەپرسمەوە : تۆ هاورای دەگەڵ ئەو بەهەشتسازییە ؟ ، بە بێزارییەوە چاویلکەکانی دەردێنێ و بەدەم خاوێنکردنەوەیانەوە دەڵێت : نا .. دنیایەک بە جیاوازییەکانییەوە ، خۆشترە لە بەهەشتێکی بێجیاوازی ..

* * *

لە شلۆمۆوە زۆر شت فێربووم ، جاران وامدەزانی تەنیا فەلەستینی و موسوڵمان بە خۆتەقاندنەوە و جولەکەکوژی دەچنە بەهەشتێ!! ، بەڵام ئێستا تێگەیشتووم کە : جولەکەش بە تەمای بەهەشتێن ! .

www.hemnabdulla.blogspot.com